کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
21-11-2007 20:16بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

سوید

**ئاشتەوایی نیشتمانی، لەدیدی عەرەبو، ئەمریکای بەناو ئازادی خوازو ماف پەروەر ئەبێت چۆنبێ؟!! ... نەجمەدین شێخ بزێنی**

ئەگەر سرنجێکی مێژوی ڕابوردوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بدەین، بۆمان دەرئەکەوێت لەهەمو سەردەمێکدا، جۆرە دابونەریتێک هەبووە کۆمەڵگا پشتی پێ بەستووە بۆچارە سەرکردنی گیروگرفتەکانی کەڕویانداوە لەنێوانی ئەندامانی کۆمەڵگاکەدا، جائەگەر بەکۆمەڵ بوبێت، یان بەتاک. بەڵام گرینگ ئەوەیە، کە ئەودابونەریتانە ئەگەر لەڕوی ئاینیەوە بوبیت، وەیاکولتوریەوە، زۆر یەکسان و عادیلانە بووە، لەهەڵسەنگاندنی کێشەکاندا، لایەنداریەتی بەدی نەکراوە، وەک یەزدانی مەزن لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بەوەئەکات و فەرمویەتی (العین بالعین، والسن بالسن) واتە چاو بەرانبەر بەچاو، دگان بەرانبەر بەدگان. دیارە مەبەستەکەی من لێرەدا ئەوەیە، ئەو شێوازە ئاشتەوایی نیشتمانییەی، ئەمریکاو عەرەب، ئەبێت چۆن بێت؟! ئەوەی ئێمە بۆمان دەر کەوتووە لە بەرانبەرگەلی کوردستاندا بەبەراورد، تاکە دەنکی خورمای عەرەب بەرابەربەکێوی قەندیلەو، سەلاوێکی ئەمریکاش بەرانبەربەمافی چارەی خۆنوسینە! بەڕاستی جێگەی سەرسوڕمانە، لەم هەڵوێستە نامەسئولانە یەو ناعادیلانەیەی کە بەرانبەر بەمافە ڕەواکانی گەلی کوردستان وەری ئەگرن!!.

لێرەدا ئەمەوێت پێشەکی ڕوی نوکی خامە بکەمە کەسایەتیە سیاسی و بەر پرسە عەرەبە کانی لەتەنگانەدا برامانن و لەپشتەوەش خەنجەر وەشێنی جگەر بڕمانن!

دیارە زۆر بەداخەوە، کە هەڵوێستە چەوتو چێڵەکانیان ئەوەندە زۆرن لێرەدا نایێتە باس کردن، چونکە چەندین لاپەڕەی ئەوێت! بۆیێ تەنها باس لەچەند خاڵێکی زۆر زەقو ئاشکراو نەشاراوە ئەکەم:

یەکەم: پرسیار لەبەڕێزجێگری سەرۆک کۆمارتاریق هاشمی ئەکەم، وەکو موسڵمانێک کە سەرۆکی حزبیکی بەناو ئیسلامیە، خوای گەورە ڕەحم بەئیسلام بکاتو بیپارێزێت لەهەڵوێستی، ئایە تاوانکاری لەناو بردنی (153) هەتا (200) سەد مرۆڤی بێتاوان و، وێران کردنی دو سێ باخچەی میوە، گەورەترو سامناک ترە، وەیاسوکایەتی کردن بەئایەتی پیرۆزی قورئان ولەناوبردنی (182) هەزارمرۆڤی بێتاوان، لە ژن و منداڵی ساواوتەنانەت شیرەخۆرەش، پیرەمیردو پیرە ژنی بەساڵاچوو، وێران کردنی زیاتر لە (4) هەزارگوندو ویران کردنی بە سەدان مزگەوتو خانەقاو، سوتاندنی بەهەزاران ڕەزو باخ؟؟! ئیتر نازانین ئەبێت ئاینێکی تری بەناوی ئیسلامەوە هەبێت و ئێمە پێی نەزانین و کاک تاریق هاشمی پەیڕەوی ئەو ئیسلامەتیە بکات؟! ئاخر خۆ گومان لەم ئایەتەدا نیە (واژا حکمتم بین الناس فحکمو باالعدل) هەروەها دیارە ئاگاداری فەرمودەی پێغەمبەر (د. خ) نیە (من سکت عن‌الحق فهوشیگان اخرس) ئیترچۆن وەلامی هەڵوێستە ناڕەواو، دورلەئویژدانی مرۆڤایەتی و ئیسلامەتی ئەداتەوە، لەبەرانبەر داکۆکی کردنی لەگەورە ترین تاوانبارانی سەردەم کە لەمێژودا گەلانی ناوچەکە بەخۆیانەوە نەبینیوە، هەروەهاداکۆکی کردنی لەعەرەبی هاوردە، بۆسەرخاکو جێگاو ماڵی بەزۆر داگیر کراو!! تۆ بڵێێ هەتاکو ئێستا نەیزانیبێ ماڵی داگیرکراو عبادەت کردنیشی تێدا دروست نیە، وەیا ئەویش لەسەر ڕێبازەکەی موشیل ئەفلەق ئەڕوات، کەخۆی جولەکەبو، بەڵام بۆسەرلێشێواندنی نەزان و نەفام کوڕەکەی ناو نابو (محمد) ئاخربەڕێزتاریق هاشمی، تەمەنیشی ئەوەندە منداڵ نیە کەبڵێن ئاگاداری بارودۆخی سنوری جوغرافی کەرکوک و پێکهاتە نەتەوەییەکانی نەبوبێت لەمێژوداو، بەتاییەت کاتی کەبەناوی ولایەتی موسڵەوە لەدەولەتی عوسمانی دایان بڕی و خستیانە سەر سنوری ئێراق، لەدوبنەماڵەی عەرەب زیاتر هەبو لەکەرکوک، وەیاتەنانەت قەزای حەویجەش، لەخەویشدا کەس بیستبوی، وەیا هەرلەسەر ژمێری (1937) وە هەتاوەکو 1957 تیش، نەتەوەی عەرەب هەربەپلەی سێهەم نەهاتووە لەسنوری شاری کەکوکدا! وەیا وادیارە، نەبەچاوو، نەبەگوی و نەبەدڵ بەڕێزی قەزای چەم چەماڵ و کفری و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دوزخورماتوی نایێتە خەیاڵ، کەبەر لەوەی قەزای حەویجە لەدایک بێت ئەوان قەزا بونەو سەر بەپارێزگای کەرکوک بونە، کەدانیشتوانیان، لەسەدا پینجیشی عەرەب نەبونە! ئەگەر سەیری مێژوی کۆن بکەین، لەسەردەمی خەلافەتی عوسمانیە کاندا، سەردەمێک کەرکوک لەڕوی ئیداریەوە مەڵبەندی شارەزور بووە، کەلەخوابەزیاد بێ لەوسەردەمەدا ناوی عەرەب هەر لەناوا نەبووە!! بەڵام ئەمانە کەهەموی بەبەڵگەی دیکۆمینتی و مێژویی ئەسەلمێندرێن و کەس ناتوانێت نکۆڵی لێبکات بەڕاشکاوانە، هەموی ئەخەینە لاوە لەبەرخاتری بەڕێزی و حزبە بەناو ئیسلامیەکەی، لە کۆتاییدا تەنها وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، بەڵام بەئویژدانێکی مەردانەو مرۆڤایەتیانەوە، ئایە ئەگەر کەرکوک شارێکی کوردستانی نەبووەو، هەرە زۆرینەی دانیشتوانەکەشی بەپلەی یەکەم کوردو بەپلەی دوهەم تورکومان نەبووە، بەدرێژایی نیو سەدە زیاتر بەتایبەت پاش ئەوەی کەچاڵە نەوتی لێدۆزرایەوە، ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی حکومەتی ئێراقی بۆ هەوڵی بەعەرەب کردنی داوە؟! بەتایبەت لەسەردەمی ڕژێمە بۆگەنەکەی بەعسی عەفلەقی سەدامی، لەگەڵ دەرکردنی ئەو هەموماڵەکوردەو کە ناویان لێنابو (تەرحیل) بە هەزاران خێزان دەربەدەرکران، گەڕەکی ئازادی یەکەم و شۆڕیجەو، جینگلاوە هەڵگیران و تەخت کران، بەدەیان هەزار خێزانی عەرەبیان لە ناوە ڕاست و خواروی ئێراقەوە هێناو جێ نشینیان کردن بەکۆمەڵێک ئیمتیازاتەوە،

کەچی هێشتا نەیانتوانی بگەن بەو ئامانجەی کەئەیان ویست، عەرەب بگەیێننە ئاستی زۆرینە، ناچارمان چوار قەزا بەناحیەکانیانەوە دابڕن لەکەرکوک و بیخەنە سەر پاریزگای دیالەو تکریت و سلێمانی! ناحیەی قادرکەرەم و لەیلان و شوانیش هەڵوەشێێنەوەو دیهاتەکانیان لەژێر ناوی ئەنفالی بەدناودا بگویزنەوەو لەناویان بەرن! ئەم هەمو تاوانکاریانە، کەجولەکەکانیش بەعەرەبی فەلەستینیان نەکردوە لەپێناوی چیدا کراوە، ئەگەر لەبەر کوردستانی بونی کەرکوک نەبوبێت؟؟!

خاڵێکی تر کەزیاتر جێگەی سەرسوڕمانە بەنیسبەت گەلی کوردستانەوە، ئەوەیە کە بەدرێژایی ئەوماوەیەی ڕابوردو، کەگەلانی ئێراق دوچاری ئەو نەدامەتیانەئەبونەوە گەلی کورد هەردەم براشیعەکانیان بەخەمخوارو دڵسۆزو هاوپەیمانی خۆیان دانابو، هەمو کاتێک وەکو ڕێز لێنانێک، بۆ شەهیدان محسن الحکیم و باقر الیدر، خودایان لێڕازی بێت، شیعە ڕێزێکی تایبەتی هەبوە لایکورد. بەڵام بەداخەوە لەمڕۆژانەدا هەڵوێستی بەڕێزێک ئەبیستین بەناوی ئوسامە نەجەفیەوە، کەهیوادارین نەجەفی نەبێت، چونکە هەڵوێستی واناڕەواو چەوت، هەر لەعۆجەیی ئەوەشێتەوە! زۆر دورە لەخاکێکی پیرۆزی وەکو نەجەف و کەربەلا، کەسایەتی وای تیا پەروەردە ببێت، دور لەڕاستی وپشتگیری لەکاری ناڕەوایی بکات، چونکەکێشەی کەکوک زوڵمێکی ئەوەندە گەورەیە کەلەو خەڵکە کراوە، ئەگەر بهاتایەو لەدەوری حەزرەتی ئیمامی (علی) بوایە خوای لێڕزی بێت، نەک پاداشت پێدانەوە، بگرە بەسەزادانیشەوە ئەو عەرەبە هاوردانەی کەکاتی خۆی بەدەهەزاری ناونرابون، ئەگێڕایەوە بۆ جێگەی ڕەسەنی خۆیان!! چونکە ئەوانە فەرمانی زاڵمیان بەجێ هێناوە بەپێی ئاین خۆشیان ئەبن بەزاڵم، وەئەوەی ئێستاش پشتگیری لەوان بکات هەرزاڵمەو دورە لەڕەوشتی پیرۆزی ئیسلامەوە، بەپێی فەرمودەی پێغەمبەری ئیسلام کەفەرمویەتی (المسلم من سلم المسلمون عن یدە ولسانە) ئەگەر هەندێ بڵێن (ئیتاعەی ئەوامریان کردووە) وەک بۆ سوڵتان هاشمیش ئامازەی پێ ئەکەن، ئیتاعەی زاڵم لەهیچ ئاینێکدا دروست نیە.

کەوابو دەربڕینی ئەو جۆرە هەڵوێستانە، تەنها هەستێکی پیسی ڕەگەز پەرستی و فاشستیەتە لەدەرونی ئەوکەسانەدا، بەڵام ئەبێت باش بزانن کەلەئەنجامدا هەر ڕەوا بەسەر ئەکەوێت و شەرمەزاری بۆ خاوەن هەڵوێستی ناڕەوا ئەمێنێتەوە، بەڵام چاکتر وایە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان هەموکاتێک

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەهەستیاریەوە هەڵسو کەوت لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانەدا بکات و بەتوندی بەرەنگاریان بێتەوە، لێرەوە ئێمە دەست خۆشکەری و پشتگیری لەو هەڵوێستە پیرۆزەی بەڕێز دوکتۆر فوئاد مەعسوم ئەکەین وهیوادارین، هەروەک ئەڵێن، هەردەم جێگەی مشت پێلەقەبێت، چونکە بەڕاستی ڕێزگرتن ئەبێت بۆ ڕێز لێگر بێت. ئاشکرایە زۆر جار وارۆ ئەدات کەڕێز لێنان ونەرمی نواندن لەپێناوی بەرژەوەندی گشتیدا، بەلاوازی و بێ توانایی دەسەڵات لەقەڵەم ئەدرێ، دەسەڵاتی کوردی لەو بوارەوە زۆر هەلی لەدەست داوە تاکو ئێستا! هەر بۆ نمونە بابچینە سەر خاڵێکی تر، سەیری هەڵوێستی ئەمریکا بکەین. ئەوەندەی کورد پشتگیری لەئەمریکا کردو، ڕێزی لەسوپاو گەلی ئەمریکا ناوە، لەمێژودا شتی وای بەخۆیەوە نەبینیوە! تەنانەت دۆستە نزیکو قەدیمەکانی ناویان بردووە بەداگیرکەر هێشتا کورد هەرناوی بردووە بەڕزگار کەر، لەکاتێکدا ئەمریکا بۆ ڕزگارکردنی کورد نەهاتووە، بەڵکو بەدووای بەرژەوەندی خۆی کەوتووە! چەندی کورد پێویستی بەوە لەکاتی خۆیدا، ئەو زۆر زیاتر پێویستی بەکوردە لەم بارودۆخەی ئێستایداو، بگرە لەئێسەش بەدواوە، بەپێ ئەوبەرنامەیەی دایڕشتووە وەکو زانراوە! سیاسەت مەدارانی عەرەب، لەهەمو باڵەکانیاندا، بەشێعەو سونەوە دەرکەوتووە ڕیزلێنان و بەپیرەوە چونیان بۆ بەرپرسان و سیاسەت مەدارانی کورد تەنهابۆ خزمەت کردنی بەرژەوەندی نەتەوەی عەرەبە! بەڵگەی حاشاهەڵنەگریش تەنهابەرگری کردنیان، لە ڕێخستنەوەی ناوچە دابڕاوو بەعەرەب کراوە ناڕەواکەی کوردستان، بەسە بۆ سەلماندنی هەمو مرۆڤێکی دڵپاکو هۆشیار. بەڵگە زۆر زۆرن بەڵام لەتەنها ووتارێکو دواندا جێی نابێتەوە بۆیێ نامانەویت زیاتر لەوبوارانەوە درێژە بەنوسراوەکەمان بدەین. ئەوەی ماوەو گرینگە بەلامانەوە ئامازەی پیبکەین ئەو هەلوێستە سەر سوڕێنەرەی ئەمریکاو عەرەبە هاوبیرە کانیەتی، لە بەرانبەر کوردو شیعەدا، لەپڕۆژەی بەناو ئاشتەوایی نیشتمانی!! ئەمە جاوانتر وایە ناوی لێبنین (ئاش تێکەڵاوی) نەک ئاشتەوایی!! چونکە بەبۆچونی ئەوان هەرچی ڕویدا، ڕۆیی! ئەوەی کراویشە هەروەکو خۆی بمێنێتەوەو کەس ناوی سەزاو، ڕەواو، ناڕەوا نەهێنێت!! زاڵمو تاوانبارەکان ببخشرین ودەست خۆشیان لێ بکرێو ماڵ وێرانکراوو ماف پێشێلکراوو دەربەدەر کراوو کەسوکاری ڕۆڵە کوژراوو زیندە بەچاڵکراوەکانیش، هەرسوپاسی خودا بکەن کەخۆیان ماون و لەهەمو شتێک خۆشبن و وابزانن هیچ ڕوی نەداوەو، دەست بخنەوە ملی تاوانباران و یارمەتیان بدەن بەڵکو جارێکی تر فەرمان ڕەوایی بگرنەوە دەستو، ئیتر خەراپەکاری وانەکەن!! جابۆیێ دوبارەی ئەکەمەوە، ناوی بەرن بە ئاش تێکەڵاوی چونکە تاوان بارو بێ تاون، ڕەواو ناڕەوا تێکەڵی یەک ئەکریت و بەڕاستێش دائەندرێت، ئەمەش دیارە کە هۆکاری سەرەکی قازی خاوەن بڕیارە، ئەویش ئەمریکای سەرمایەداری نازدارە. گرینگ یەکسانی ڕەواو ناڕەوا نیە، بەڵکو ڕەزامەندی ئەوەو، سەربازی زۆر کوژراوە دیارە، بۆیێ تەنها سوڕدانی گەل بۆ ئەو لەبارە! بۆیێ منیش لەکۆتاییدا لەوە زیاترم لەدەست نایێت، بەمدێڕە هۆنراوەیە بەجێتان بێلم، بەهیوای ئەوەی ئاشتەوایی وەها قەت سەر نەگرێت.

(حەیفە ئویژدانتان بەوە ڕازی بێ، گورگ لەناومەڕدا هەرخۆی قازی بێ!!)

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.